# زمانی خوا زمانی کوردییه، بۆیە من دەمەوێ ببمەوە بە ئێزدی*

**ریکپۆش عزیز**
rekposh_3@yahoo.com



ئێمەی کورد بەناو خاوەنی پانتایەکی رۆشنبیرین بەڵام ئایا ئەم پانتایە رۆشنبیریە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێمە مێژوو رەچەڵەکی خۆمانی لێوە بناسینەوە؟. ئەمرۆ ئێمەی کورد هەموو سەرخان و ژێرخانی کەلتوریمان بە کەلتوری ئیسلامەوە گرێداوە وە هیچ شتێ لەو ژێر خانە کەلتوریەی خۆمان نازانین کە چۆن بووین بە ئیسلام؟!! هەر لەم روانگەیەشەوە کاتێ خۆمان وەک نەتەوەی کورد پێناسە دەکەین، دەڵێین: کە گەلی کورد گەلێکی ئیسلامە، کە ئەمە بەتەواوی بۆچونێکی هەڵەیە! کەچی کاتێ ناو کتێبخانەکانی ئەوروپا دەگەرێی بەدوای رەچەڵەکی خۆت وەک کورد، ئەوا بەتەواوەتی پێچەوانەکەی دەبینی. بەپێی ئەو نوسراوانەی کە هەن کوردەکان خاوەنی کۆنترین ئاینی سەر رووی زەوین و نزیکەی دەهەزار ساڵ تەمەنی ئاینەکەیانە و ئەو ئاینەش ئاینی ئێزدییە، مانای دوای ئێزدیەکان، زەردەشتیەکان دێن لە ئێرانەوە پاسان جولەکە ئیجا مەسیحی دوا ئاینیش ئاینی ئیسلامە. بەم پێیە کوردی رەسەن ئێزدیە و ئێزدیەکانیش کوردن، تەنها نەتەوەیەک کە خاوەنی ئەم ئاینە بێت لە سەر تاسەری دنیادا کوردە. گفتوگۆیەکی نێوان مەلەک تاوس و خوا لە ناو زمانی کوردی کرمانجیدا هەیە( کەبەداخەوە من نایزانم) ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئێزدیەکان کە زمانی خوا زمانی کوردیە. تەنانەت وشەی ئێزدی بەمانای خودایی دێت، نازانم ئێمەی کورد بۆ دەبێ هێندە بێئاگاین لەم سامانە کەلتوریەی خۆمان؟ کە من پێم وایە بەشێکی گەورەی ئەم لێپرسراوێتیە لە ئەستۆی رۆشنبیرانە و نەیانتوانیوە ئەمە بکەنە سەرچاوەی گوتارێکی سەر بەخۆی وا کە بەم ژێرخانە کەلتوریە سەرخانی کەلتوریشمانی لێ دروست بکەن لە بری خۆ هەلواسین بە ئاینی ئیسلام و عەرەبەوە، ئەم ئاینەی خۆمان بکەنە تێزیک بۆ مەسەلەی نەتەوایەتیمان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بۆ مەسەلەی یەکسانی نێوان ژن و پیاو چونکە بە پێی میتۆلۆژی ئەم ئاینە ژن لە پەراسوی پیاو دروست نابێت بەڵکو بە پێچەوانەوە ژن و پیاو لەیەک کاتداو بەیەکەوە دروست دەبن.

ئێزدیەکان لە نەوەی ئادەم حەوا نین بەڵکو تەنیا نەوەی ئادەمن، مانای ئەو کاتەی کە ئادەم لە بەهەشت دەسورێتەوە مەلەک تاوس دەچێت بۆ لای خوا و پێی دەڵێ" کە ئادەم نابێ تەنها هەر خۆی بێ ، دەبێ نەوە بخاتەوە، بۆ لە درەختی تۆوی تۆ نەخوا ، خوا بەمەلەک تاوسی فەرموو من ئەو بریارە دەدەمە دەستی خۆت مەلەک تاوس ، پاشان مەلەک تاوس دەچێت بۆ لای ئادەم دەڵی تۆ دەبێ لەو درەختە بخۆیت بۆ ئەوەی نەوە بخەیتەوە" ئادەم لە میوەکەی خوارد، بەڵام توشی ژانە سک بوو پێێ، خوا باڵندەیەکی ناردو رزگاری کرد لەو ئازارە، پاشان ئادەم دەستی کردە گریان وتی من زۆر تەنهام ، خواش جوبرەئیلی نارد و لە دەستی چەپی حەوای دروست کرد، پاشان ئادەم حەوا دەستیان کردە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەوەی کە نەسەب لەسەر کامیان بێت. سەر ئەنجام بەوە گەشتن کە هەر یەکەیان( سێدی...) خۆی مانای ئادەم سپەرمەی خۆی و حەواش هێلکەی خۆی کردە گۆزەیەکەوە، پاش نۆمانگ گەرانەوە سەری ئەوانەی ئادەم بوونە دوو منداڵی جوان، بەڵام ئەوەی حەوا ببووە مادەیەکی ژهراوی، ئەوەی ئێزدییە رەچەڵەکی لەو دوو منداڵەی ئادەمە، مانای کوردەکان تەنیا لە نەوەی ئادەمن و پێش نەوەی ئادەم و حەوا دروست بوون، ئەمەش بەڵگەیەکە کە کورد یەکەمین نەتەوەی سەر رووی زەویە(1). لەم روانگەیەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئێمەی کورد لە نەوەی ئادەم و حەوا نین بەڵکو لە نەوەی خودی ئادەمین بە رەگێکی خودایانەوە، کەواتە ئێمەی ژنان پەیوەندیەکانمان لەگەڵ پیاودا دیکۆتۆمی

نیه( مانای پیاو یەکەم جار دروست بوەو ژنیش لە پەراسوی چەپی ئەو) ژن و پیاو لە یەکاتدا و بەیەکەوە دروست بوون، بەم شێوەیە لە کۆڵ سێوی تەفرەو هەڵخەڵاندنی ئادەم دەبینەوە، سوری مانگانە و منداڵبونیش شتێکی سروشتیە لای ژن، سزای خوا نیە بۆ ژنان، لە ئاینی ئێزدیدا فرە ژنی و مەسەلەی حجاب نیە. رۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانی ساڵی 1881 بەناوی ئامەند.ڤ سەبارەت بە ژنی کورد دەڵێ تەنها ژنی کورد پرچ و سەریان کراوەیە.، حجاب و سەرپۆش بەکار ناهێنن.(2)

بەهۆی ئەوەی کە ئێزدییەکان خاوەنی خوێنێکی خوایانەیان دەبێ ژن هێنان و شو کردنیان هەر لە ناو خۆیاندا بێت خۆیان تێکەلی ئەوانە نەکەن کە لە نەوەی ئادەم و حەوان. ئەوانەی کە لەنەوەی ئادەم و حەوان یەهودی ومەسیحی و ئیسلام و زەردەشتی و هتد وە بەهۆیەوەی کە هێلکەی حەوا هەڵگری مادەیەکی ژەهراوی تایبەتیە ئەوانەی کە لەم نەوەیەن خراپەکاریان لەدەست دێت، بۆیە ئێزدیەکان خۆیان لە تێکەڵاو بوونی ئەم نەوانە دەپارێزن خۆیان بەدوور دەگرن لێیان، بەڵام کورد لە روانگەی ئەوانەوە خاوەنی ئەو خوێنە پاکەیە و ئەو رەگە خودایەیە، بەڵام چونکە لە چەند قوناغێکی مێژووی دا بەزۆر لە ئاینەکەی خۆیان دور خراونەتەوە ،تازە خوێنەکەیان پیس بووە بە تێکەڵاو بونیان لەگەڵ زەردەشتی و جولەکەومەسیحی ئیسلام ئەگەری ئێزدی بوونەوە زۆر زۆر مەحاڵە، بەپێی یاسای ئێزدی هیچ پیاوێک بۆی نیە لە ماوەی ساڵیک زیاتر لە ماڵ و منداڵی دورکەوێتەوە تانانەت گەر لە ساڵێک زیاتر دورکەوتەوە، ئەوا ئەو پیاوە بۆی نیە بگەرێتەوە لای هاوسەرەکەی تەنانەت بۆی نیە ژیان لەگەل هیچ ژنێکی ئێزدیدا دیدا بکات چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو کەسە تێکەڵاوی خاڵکانی ناپاک بووە، لێرەدا گەر ئاینی ئێزدی تەحەکومی بکردایە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا ئەوا ئەو کارەساتای کە ئەمرۆ زۆربەی ژنانی کوردی پێوە دەناڵێنن هەرگیز رووی نەدەدا بەتایبەتی مەسەلەی بەجێهێشتنی پیاوان و رووکردنیان لە هاندەران بۆ ماوەی چەند ساڵێک،. خیانەی هاوسەری جا ژن بێت یان پیاو حوکمی کوشتنە، وە بێوەژن بۆی هەیە تا شەش جار شوبکاتەوە، هیچ بە عەیبەو عار نابینرێ. تەنانەت ئەم ئاینە دەبوە رێگا چارەیەکی باشیش بۆ کێشەی ژنانی ئەنفال. من لەو باوەرەدام گەر ژنی کورد ئەم میتۆلۆژیە بکاتە رەهەندی یەکسانی نێوان ژن و پیاو ئەوا چەند هەنگاوێک لە مەسەلەی یەکسانی نێوان ژن و پیاو نزیک دەبینەوە ، چونکە بەپێی ئەم میتۆلۆژیە ئێمە ژن کەم عەقڵ و ناتەواو نین یان بەشێک نین لە پیاو بەڵکو ژن و پیاو یەکسانن بەیەک لە دروست بونەوە،ئەمەش خاڵێکی جەوهەریە بۆ بوونی ژن وەک بونەوەرێکی سەر بەخۆ لە ئەزەلەوە. ئەوەشی کە لە کۆمەڵگادا دەیبینین وەک سەرخان ئەوە پێویستی بە کار لەسەر کردنە چونکە تەنانەت لە رووی سیاسیشەوە ئاینی ئێزدی زۆر کراوەو سکولارە، بۆ دانانی شەریعە دەسەڵات دراوە بە پیاوانی ئاینی بەپێی سەردەم بریار بدەن،ئەم رێنوێنیە لە کتێبی جلوەدا هاتوە، بۆیە گەر ژنی کورد بیەوێ بەتایبەتی لە حکومی ناتەواوی قەرەقوشی ئیسلام دوربکەوێتەوە دەبێ بگەرێتەوە سەر رەچەڵەکێ کوردبوون و ئێزدی بوون. وە لەم ژێرخانەوە کەلتوریەوە جارێکی تر سەرخانی کەلتوری خۆمان دروست بکەین. پیاوانی ئاینی ئێزدی وەک شێخ و پیرو میر بۆیان نیە ژن بهێنن و تەنها هەر دەبێ خەریکی خوا پەرستی بن ئەمەش راستەو خۆ بە فەرمودەی مەلەک تاوسە،. پێچەوانەی ئەو ژیانە غابەیەی ئیسلام کە پیاوانی ئاینی چەندین ژنیان هەیەو شەوەکان دابەش دەکات لە نێوانیاندا کە لەلای کامیان بخەوێ. من باوەرم وایيە دینی ئیسلام دینی پیاوە، ئاینێک نیە لای خواوە هاتبێ بەڵکو ئاینێکە پیاو بۆ بەرژەوەندی خۆی دروستی کردوە. دەینا ئەوەی خوا پەرستی راستیە وەک خوا تەنیایە و بیری هەوەس وسێکسی نیە.

ئێزدیەکان هەمیشە نمونەی ئەوپەری مۆراڵ و ئەخلاقن و هەرگیز درۆ ناکەن، تەنانەت لە ئەوروپاش وا ناسراوون و بەتایبەت لە ئەڵمانیا هیچ کەسێکی تورک و فارس و عەرەب و کوردی موسوڵمان بۆنیە ببێتە هاولاتی ئەڵمانی بەڵام کوردی ئێزدی دەبێتە هاولاتی ئەڵمانی، هیوادارم کەس لەبرادەرە کوردە موسوڵمانەکان خۆی بەو هەڵەیەدا نەبا لە ئەوروپا بەناوی ئێزدی بونەوە داوای مافی پەنا بەری بکات

له هەموو دائیرەکانی مافی پەنابەری ئێزدیەک کار دەکات بۆ سەلمانی ئیزدی بوونی ئەو کەسانەی ئێزدین، بۆنموونە گەر من لەبەردەم کەسێکی ئیزدیدا بڵێم ئێزدیم، ئەوا وشەیەکی نهێنی هەیە دەبێ بیڵێیم ، دڵنیاشم گەر هەموو دنیا بدەی با ئێزدییەک ئامادە نیە ئەو وشە نهێنیە بەکەسێکی غەیرە ئێزدی بڵێ. تائیستاش شتی وا رووی نەداوە، زۆر لە رۆژهەڵات ناسان سەریان لە پاراستنی ئەم نهێنیەی ئاینی ئێزدی سورماوە و نەیانتوانیوە بەتەواوی لە ئاینی ئێزدی تێبگەن چونکە ئەوەی کە لە کتێبی جلوەو رەشدایە لەگەڵ ئەوەی کە بە شێوەی سەر زاری بۆیان ماوەتەوە تەواو کەری یەکترن وە تا ئێستا هیچ ئێزدیەک راستییەکان بە کەس ناڵێت. ئەوان خاوەنی چەند پیتێکن بۆ نوسین تەنها ئێزدیەکان خۆیان تێیدەگەن و دەیخوێننەوە. ئەوان نوێژ ناکەن و کرنوش بۆ رۆژ دەبەن چونکە خوا لەناو رۆژدا دەژی.مەلەک تاوس و خوا جەستەیەکی هاوبەشیان هەیەلەبەر ئەوەی مەلەک تاوس لە روناکی دروست بووە، میتۆلۆژیەکە بەم شێوەیە، کە رۆژێ مەلەک تاوس لەسەر درەختی نەمری نیشتۆتەوە پاشان خوا دێت بۆ ئەوێ و لێی دەپرسێ تۆ کێیت؟ مەلەک تاوسیش لە وەڵامدا دەڵێ ئەی تۆ کێیت؟ خوا تورە دەبێ و چەپۆکێکی پیا دەکێشێ، مالەک تاوس لەسەر درەختەکە بەرز دەبێتەوە و چل هەزارساڵ بەئاسماندا دەسورێتەوە پاشان دێتەوە سەر درەختەکە لەژێر درەختەکەدا شێخ حەسەن کە خزمی شێخ عادیە دانیشتوە و بە مەلەک تاوس دەڵێ تۆ بۆ وا وەڵامی خوای گەورە دەدەیتەوە، دەبێ پێی بڵیی " تۆ تۆیت، بەڵام من لە تۆ دروست بووم"(3) مەلەک تاوس لە روناکی دروست بووە، خواش لە روناکیدا دەژی مانای لەناو خۆردا دەژی، بە کورتی میتۆلۆژی ئاینی ئێزدی زۆر روانگەی زانستی و مەنتقی مرۆڤانەی تیایە کە زۆر خۆی لە ئاینی بوودیسم و هیندۆنیسم نزیک دەکاتەوە. دۆژ یان دۆزەخ بوونی نیە ، مەلەک تاوس بە فرمێسکەکانی ئاگرەکەی کوژانەوە، ئەوانەی دەمرن مرۆڤی باش دەبێتەوەو مرۆڤ و هی خراپیش دەبێتەوە بە گیانەوەر، بەراستی ئەمە زۆر راستی تیادایە ، هەموومان وە بگرە من خۆم بە تایبەت ئەوەم زۆر جار بۆ پێش هاتوە ، کاتێ بۆ یەکەم جار سەردانی شوێنێک دەکەی ، یەکسەر هەست بەوە دەکەیت کە جارێکی دی هاتویتە ئەم شوێنە بەڵام نازانی چۆن وە کەی ؟ ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسەی کە تۆ رۆحەکەیت لێ وەر گرتوە پێش تۆ سەردانی ئەو شوێنەی کردوە، ئەمرۆ زۆرێک لە رۆژهەڵاتناسان و مێژوو نوسان پێیان وایە گەر خودی ئێزدیەکان و تەنانەت رۆشنبری کورد کاری لەسەرم ئاینی ئێزدی بکردایە و دەکرا ببێتە گوتارێکی زیندوی وا نەک تەنها لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بگرە لە ئەوروپاشدا دەبوە بیرۆکەیەکی سەنتەری و بنەمایەکی فکری ، چونکە تایبەتمەندی و جوانی و زانستی ئەم ئاینە بەرادەیەکە بۆتە مایەی سەر سورمانی هەموولایەک.

پرسیاری گەورە لای ئەوروپییەکان ئەوەیە کە کورد یان رۆشنبیری کورد بۆ ئیشی لەسەر ئەم مەسەلەیە نەکردوە؟ ئایا بەهۆی موسوڵمان بونیانە؟ من کاتێ مامۆستاکەم ئەو پرسیارەی کرد ، سەرەتا حەپەسام و پاشان نازانم بۆ نەمتوانی پێی بڵێم کە رۆشنبیری کورد ئەمرۆ لە دەزگا زەبەلاحە چاپەمانیەکاندا خەریکی شەرە کومبارو زۆپایە ،زۆریش سەر قاڵی وتی وتین وەک سەر تەنورە. هەموو داهێنانەکانشیان بریتیە لە برێ کاری ئاشەوانی( مەبەستم کاری وەرگێرانە) بەڵام خۆ ناشکرێ ئەم ئاشەوانانە بخەینە ریزی رۆشنبیرەوە، ئەوەی کە کە دەمێنێتەوە بەناوی رۆشنبیر گرووپێکی زۆر بچوکن و هێندەی سەرقاڵی ململانێی شەخسین نیو ئەوەندە سەرقاڵی کارو رۆشنبیری نین! تەنانەت عەرەبەکان زۆرتر لەم مەسەلەیە ترساون کە کورد زیندووی بکاتەوەو بیکاتە سەرچاوەی رەهەندێکی کەلتورێکی سەربەخۆی خۆیان، کاتی خۆی رژێمی بەعس چەندین نوسەری عەرەبی بەکرێ گرت بۆ شێواندنی کەسێتی ئێزدیەکان و کردنیان بە نەوەی یەزد معاویە ، ئێستاش زۆر لە نووسەرە عارەبەکانی عێراق لەو هەوڵە بەردەوامن. بۆ نموونە ماوەیەکی زۆر کورت لەمەوپێش نووسەرێکی عارەبی ئێراقی لە سایتی "ئیلاف"ی عارەبیدا وتارێکی درێژی لەسەر ئێزیدییەکان نووسیبوو، کە گوایە ئێزیدییەکان ناویان یەزیدییە سەر بە یەزیدی معاویەن. کە تا ئێستاش زۆرێ لە رۆشنبیرانی کورد ئێزدیەکان بە پێی نوسراوی ئەو عەرەبانە دەناسن

و پێناسە دەکەن   بۆیە  دەبێ ئێمەی کورد هەر چی نوسراو هەیە بەقەڵەمی  ئەو عەرەبە فاشیانە نوسرابێ فڕێ بدرێتە دەرەوە لە کتێبخانەی کوردی.

ئێزدیەکان بە پێی مێژوو توشی چەندین شالاوی قەتڵ وعام کردن  بوونەتەوە بەڵام درندانەترینیان شورشی ئیسلامی و دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو  وە کاتێ دینی ئیسلام گەشتە کوردستان بەهەموو  شێوە هەوڵی  بنە بڕ کردنی کورد و ئاینەکەیان دا،  ئەوەی کە ئەمرۆ ئێمەی کورد کە لە کوردستاندا دەژین وەک  موسوڵمان ئەوا دەبێ زۆر باش ئەوە بزانین کە باپیرە گەورەکانمان بەزەبری شمشێر بوونەتە ئیسلام و ئەوەشی ملی نەدابێ  بە دەستی ئەسحابەکانی ئیسلام سەر براوە و  کچ و ژنیان   وەک کەنیزە(جاریە) بەتاڵان بردوە، کەنیزە ئەو ژنانەن کە  کە لەشەری دوژمنانی ئیسلامدا بە دیل و تاڵانی براون، ئەو ژنانە چ هاوسەریان هەبووبێ یان نە  جیاوازییان نیە  بۆ کرین و فرۆشتن و لەگەڵ رابواردنیان، چونکە بەپێی ئەم شەرعە   ئەم ژنانە گرەوی مارەییان لادەچێ.(سورەتی النیساءئایەتی 24). چونکە لە ئیسلام دا کۆیلەداری وخۆلام و کەنیزە راگرتن زۆر زۆر ئاسایی وەک مافێکی رەوا چاوی لێکراوەو دەسکەوتی هەرە گرنگی خەزا بوە، خودی پێغەمبەریش کەنیزەیەکی وای هەبووە بەناوی رێحان ، کە هەندێک بە بێوەژنێکی ناشرینی ناو دەبەن کە گوایە کەس نەیوویستوە و پێغەمبەر بەزەیی پیا هاتۆتەوە بۆیە کردویەتی بە هاوسەری خۆی، بەڵام لە راستیدا وانیە، ئەو ژنە دەسکەوتی ئەو شەڕەیە کەلەگەڵ تایەفەی بەنیقریزە کردی بە سەرکردایەتی خۆی.(4) بۆیە خەزا یەکێکە لە ئەرکە بنەرەتیەکانی ئیسلام(.بروانە سورەتی الئحزاب آیەتی،27،26..هەروەها البقرە آیەتی 216.244،193،191،190 ). بیرمان نەچێ کە شۆرشی ئیسلامی  دەیان هەزار کەنیزەیان دەسکەوت دەبوو لە کوردستان و  پاشان ئاڵوگۆری بازرگانیان پێ دەکردن ئەوەی بۆ رابواردن دیاری دەکرا نرخی جیا بوو لەوەی کە بۆ کارەکەر دیاری دەکرا،موسوڵمانەکان، وە بۆ زیاد کردنی ژمارەی موسوڵمانان منداڵیان لە کەنیزەکان دەخستەوە  هەرچەند ئەم منداڵانە بەکەم دەگیران بەڵام بە موسوڵمان دەهاتنە ئاژمار.

ئەوەی لەم ماوەیەدا روودا لە لالش ئەو بەرێوەبەری ئاسایشی شیخان کە بنکەی رۆشنبیری لالشی سوتان دەبێ زۆر چاک ئەوە بزانێ کە یا داپیرە گەورەکانی یەکێک بوە لە  کەنیزەکەکانی ئیسلام بۆیە ئەو ئەمرۆ موسوڵمانە یان ئەوەتا باپیرەگەورەکانی لەژێر زبری شمشیری سەبازە  موسوڵمانەکاندا بووە بە ئیسلام. ئەوەی کە بەرێوەبەری بنکەی ئاسایش دەیڵێ لە خۆیەوە وەک پیاوێکی موسوڵمان ئەو حکومە قەرەقوشیە دەدات بەسەر ئەو دوو کورەی ئێزدیەی ئامانجیان رزگار کردنی رۆژان بووە نەک دەست درێژی کردنە سەر. چونکە پیاوی ئێزدی هەرگیز خۆی تێکەڵاوی ژنی موسوڵمان و هیچ ئاینێکی دی  ناکات بەپێی یاسای ئاینی خۆیان ئەوە  پیاوی موسوڵمانە کە بۆی گرنگ نیە و هەتا ئاستی حەیوان ملکەچی هەوەس و غەریزەی خۆیەتی.  لەلایەکی تریشەوە رێکخراوەکانی ژنان بۆ لەسەر  کوشتنی رۆژان هیچیان نەوت؟؟ ئایا کوشتن و برینی مەمکی کچیکی  چواردەساڵ ئەوەی نەدەینا دەنگی لەسەر بەرز بکەنەوە؟ یەکێتی ئافرەتانی پارتی خەریکی چیە؟ ئەی رێکخراوەکانی تر کە بەناو ئێم جی ئۆیین؟ هەمووی بۆ عەرزە وەرگرتن و موچە وەرگرتن و پیاسە کردنی ئەوروپا  بەناوی مەسەلەی ژنەوە ئازان بەڵام جورئەتی ئەوە ناکەن دەنگ لەسەر کوشنتی رۆژان بەرز بکەنەوە، ژنی کورد دەبوو ئەو بنکەی ئاسایشەی گڕ تێبەر بدایە کە  تەرمەکەی رۆژانیان شێوانو پشتیوانیان لەو دوو کورە ئێزدییە بکردایە کە دەیانویست هاوکاری رۆژان بکەن.

رۆژهەڵاتناس ئامەند.ڤ (5)   ئەم شالاوانەی دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی عوسمانی و   کوردە موسوڵمانەکان بۆ سەر ئێزدییەکان  بە هێرشی گەلە گورگ دەشوبهێنێ لە ساڵی1881دا، چونکە ئەو کوردانەی کە ببوونە ئیسلام عوسمانیەکان هاوکاریان دەکردن ، جار جاریش بەهۆی ئەوەی کە ئێزدیەکان شەیتان پەرستن دەبێ تەفرو تونا بکرێن. وەک گورگ پەلاماری ئێزدییەکانیان دەدا. هەر لەم هافتەیەدا

بوو بەبەتێکم بینی کە باس لە هاوکاری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکان دەکات(6) ، کە لەراستیدا وانیە بگرە، هەوو رۆژهەڵات ناسەکان باس لە عوسمانیەکان دەکەن کە ئەپەری درندەییەن بەکار هێناوە دژ بەو کوردانەی کە بە بۆچوونی ئەوان شەیتان پەرست بوون.. جا ئەوەی شێخان کە روودا بەتەواوەتی درێژەپێدانی ئەو ستراتیجەی شورشی ئیسلامی و دەسەڵاتی عوسمانیەکانە،.جێگەی ئەو پەری شەرمەزاری و نەزانیە لە سەدەی بیست و یەکدا ئابەم شێوەیە لە ئیزدیەکان بروانرێ. دەبوو حکومەتی کوردی ئەوپەری گرنگی بە لالش بدایە هێندەی پیرۆزی مەکە پیرۆز بوایەو تەنانەت بیکردایە بنکەیەکی مێژووی تا خەڵکانی بیانی سەر دانی ئەو شوینە بکەن ، من پێم وانیە ئەوەی لە سوید بە ناوی ئاینی ڤیکینگەوە هەن بە نیوەی ئاینی ئێزدی کۆنترو زانستیتر بێت ، بەڵام سویدیەکان بە بەشێک لە ئاین و مێژووی خۆیانیدەزانن وشانازیشی پێوە دەکەن و وەک بەشێک لەسیستەمی پەروەردەدا لە خوێندنگاکاندا وەک وانە دەوترێتەوە. تەنانەت مندالی باخچەی منداڵانیش شتێ لە ڤیکینگەکان دەزانێ، هەرچەند لەو باوەرەدا نیم کە پیاوە سیاسیەکانی کورد شتێ لە مێژووی ئاینی ئێزدی بزانن دەینا هەرگیز ئەوە رووی نەدەدا کە هەوڵی لەناو بردنی ئەم مێژووە پر لەشانازی و سەروەریەی کورد بدەن. کاتێ دەسەلاتی عوسمانی هەموو ئەو ناوچانەی گرتەوە هێرش لەسەر هێرش دەکرایە سەر ئێزدیەکان. قەبری شێخ عادیەن تێک داو لە جێگەی مەکتەبی ئیسلامەتیان کردوە ،. ساڵی 1414 جیهاد دژی ئێزدیەکان دەستی پێکرد. پاشان ساڵی 1647 هەموو پیرو شێخەکانی لالش بران بۆ وان و لەوێ لە سێدارە دران. ساڵی 1792 هەمان شت دوبارە بۆوە بەڵام ئەم جارەیان لە موسڵ دوو ساڵ پاش ئەوە هەمان شت لە بەغداد دوبارە بۆوە، رۆژهەڵات ناسێکی ئەڵمانی بەناو( ئامەند. ڤ..)دەنوسێ کە ساڵی 1830. تورکەکان بەبیانووی ئەوەی کە ئێزدیەکان شەیتان پەرست و وڵات تالان کەرن هەموو هێزەکانی حافیز پاشای زێدی ئێزدییان لە چیاکانی شەنگار قەلاچۆ کرد ، لەم هێرشەدا هەچی پیاو هەبوو جن جنیان کرد هاوکاتیش سەدان ژن و منداڵیان بۆ باراری کۆیلەکان برد.(7)،ئەو کوردانەی کە ئەمرۆ لە چیاکانی قەفقاس و ئەرمەنیا و گۆرگیا و روسیا دەژین هەمووی لەدەستی ئەو رەشە کوژیانە روویان لەو ناوچانە کردوە، من بەسەر هاتی ژنێکم خوێدەوە کە ساڵیخ1918 ئەو کات تەنها 8 ساڵ بووە بە چاوی خۆی شاهیدی بینینی بیست کەس لە تایەسەکەی بووە کە چۆن وەک گیانلەبەر سەر براوون. پاشان کاتێ بەریتانیەکان هاتن و ئەو ناوچانەیان کەوتەوە ژێر دەست ئێزدیەکان گەرانەوە سەر جێگەو شوێەی خۆیان و لالشیان دروست کردوە . ئەمرۆ زۆرێک لە ئیزدیەکان زەڵاتە ناخۆن، چونکە دەسەڵاتی ئیسلامی چەندین جار زەڵاتەی لە لەشی و خاک و خوێنی ئەوان دروست کردوە. جا کە ئێمەی کورد ئەو هەموو تاڵی رەشە کوژیەمان بەدەستی ئیسلام پێ کرابێ ئیتر بۆ دەبێ ئەمرۆ لە کوردستان عەقڵی ئیسلامی تەحەکوم بکات بەسەر چارەنوسی گەلی کوردەوە؟؟ ئایا پیاوانی سیاسی کاتی ئەوەیان نەهاتوە ئاوری جدی لەم مەسەلە گرنگە بدەنەوەو واز لە کلکە بوونی عەرەب ئاینەکەی بهێنین. کاتێ ئێمە لەئەزەلەوە ئێزدی بووبین ئیتر بۆ دەبێ ئەمرۆ ئیسلام بین؟؟ با هەموومان داوای ئەوە بکەین کە ببینەوە بە ئێزدی. بەتایبەت ژنان.

تێبینی*/ ئەم بابەتە کورتەی لێکۆڵینەوەیەکی منە، کە کاری تێدا دەکەم وەک دانانی بناغەی تیۆری فێمێنیزمی کوردی بەڵام لێرەدا هەوڵم دا ئەم بەشەی بە زمانێکی رۆژنامە نوسیانە پێشکەش بە خوێنەری خۆشەویست بکەم، چونکە ئەوەی رووی دا لەلاش جێگەی بێدەنگ بوون نیە.

----------------------------------------------------------------------

**سەرچاوەکان**


1-Innanförcirkeln Magnus Bärtås och Fredrik Ekman

2- ژن لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، وەرگێرانی بۆ سویدی هەندرێن

3- هەمان سارچاوەی یەکەم

4- ژن و شەرع و سێکش مەریوان هەڵەبجەیی

5- هەمان سەرچاوەی دووەم
6- مافی کاکەیەکان لەنێوان ئاین و نەتەوەدا نوسینی هاشم عاسی کاکەیی
7- هەمان سەرچاوەی دووەم